چیرۆك

# ئێستا نە.... بەیانی دەمرم

چنوور سەعیدی/ شنو

هەموویان وا ئەزانن من مردوم، تەنانەت کرم و قالۆنچەکانیش، کرمەکان لە تەواوی جەستەم بۆ جێگایەکی نەرم و شل دەگەڕێن.. لەم ماڵە تەسك و تەنگ هیچ دەرەتانێ بۆ بزووتن نیە. جەستەم تەزیوە و وا ئەزانم ساڵهایە ئاشنا بەم کرم و قالۆنچە سەگبابەم، ساڵهایە تەزیوم و تەنیا دەتوانم پەنجەکانی پێم کرمەکان بتلەقێنمەوە.

من ئەوندە قیراندوومە و جنێوم داوەکە هەست دەکەم تەنانەت قالۆنچەکان سەریان کردۆتە نێو گەرووم و خەریکن بە ئەسپایی دەنگم کورت و کورتتر دەکەنەوە، من سێ شەو و سێ رۆژە نەخەوتوم، دەترسم چاو لێك بنێم و ئیتر هەستانەوەم بۆ نەبێ.

ئەم خەڵکە سێ رۆژە لەسەر گڵکۆم شیوەن و واوەیلایانە.. بەچەشنێك کەشەوانە کەسێك لە مێشکمدا دەملاوێنێتەوە، ئەوندە بە سۆزکە جاروبار هەست دەکەم کە بەراستی مردووم. کاتێ کە فرمێسك چاوانم تەردەکات، لە ناکاودا تریقەی پێکەنینم کرمەکان دەتارێنێ و لە تەواوی گۆڕستاندا دەنگ ئەداتەوە:

– بۆ کێ دەگری، سەگباب؟ تۆ هێشتا نەمردوویت.

دیسان دەنگی شیوەن دێت ئەهاها خۆیە فەرخەیە، دەزانم فەرخەیە.

– ئاخ خ.. کوست کەوتوو خۆم، ئێستا من بە دوای ئەبێ چی بکەم؟ بەم منداڵە باوك مردووە ئەبێ چی بڵێم؟ تو بتهێشتایە لە دایك ببوایە ئەو کاتە بڕوایت.. ئۆف، ئۆف ف...

ئاخۆ لەم جیهانە چەپەڵە پیاوێك دەتوانێ بە وێنەی تۆ باش بێت؟ خۆزگا من نەخۆش کەوتایم.. خۆزگا من بە جێگای تۆ بوایەم..

– هۆ فەرخە.. گوێ بگرە من هێشتا نەمردووم گەر ئەم بنجانە چەپەڵە دەست لە بەرۆکم بەربدەن دەتوانم بەرزتر هاواربکەم کە من بڕیارە بەیانی بمرم.. خودا خۆی ئەم بڕیارەی داناوە.. هۆ فەر..

ئای..؟ دیسان ئەم قەیە چەپەڵە، تەمام بوو لێم.. نا ئیتر هیچ ناڵێم دەنگم نابیستێ من سێ رۆژە هاوار ئەمەم و خوێن قەی دەکەمەوەو فەرخە سێ رۆژە پرچەکانی جەنگ لێ ئەدات و بە دەور پەنجەکانیا دەیئاڵێنێ، دەزانم ئێستا ئەوندە چەنجەرۆکە بەکوڵم روومەتیا دەکرێنێ تا خوێناوی دەکا.

من تەنانەت لە سەر تەتەشۆری مردووشۆر خانە هاوارم کرد: من نامەوێ بمشۆرنەوە. خۆم رەپ کردبوو پیرەمێردی مردووشۆر چرچ کەوتە توێڵی، دەستەکانم هەڵهێنا لە دەور ئەستۆیا ئاڵقەی کەم، بیخنکێنم. مووچرکێك هات بە لەشیاو گوتی:

– شەیتان چووەتە قەلبی..

هاوارم کرد:

– ئاپیاوی قوڕمساغ شەیتانی چی چووەتە قەلبم؟ من هێشتا ماوەیەك لە تەمەنم ماوە، جلەکانم بکەوە بەرم، بڕۆمەوە بۆ ماڵ، لە بەر چاوی ئەم هەموو خەڵکە رووت بوونەوە. بۆ پیاوێك ناجۆرە.

– مردووشۆرخانە، مزگەوت و تەنانەت گۆڕستان لەهاوار و جنێوەکانم پڕبوون، بەلام کەس نەیدەبیست.

فەرخە، دایکم، خوشکم و پوورم بەسەر سەرو رووی خۆیاندا دەیانکوتاو شیوەنیان بۆ دەکردم، لەسووچێکەوە وەستابوو، ئارام دەگریا. من سەرنجی راگەیاندنەکەم دەداو جنێو بە فریشتەکان، بە مەلاکان، بە ئاسمان و هەمووی ئەو کەسانە دەدا کە دەنگمان نەدەبیست.

ئەها ها.. ئەمجار دایکمە، باش تێنەگیم چی ئەڵێ؟ بێگومان ئەڵێ:

– کوڕە جوانە مەرگەکەم ڕۆ..

دایکم سێ رۆژە هەر ئەوە ئەڵێ، زۆر شیوەن و واوەیلایە، گەر هاوار کەم دەنگم نابیسێت و ئەم قەیە چەپەڵە دێتەوە بۆ گیانم. قەیەکی خوێناوی کە کفن و کرمەکان سوورتر دەکات.

گەر بتوانم دەستەکانم رزگاربکەم و ئەم بەردە خاوەن مردووە هەڵدەکێنم.

ئێستا لە خەوتەیەکدا رۆژێك دێنە سەر گڵکۆم، فەرخە و دایکم وەکو جاران شیوەن ناکەن، تەنیا بە ئەسپایی فرمێسك ئەڕێژن.

فەرخە هەر کات دێت، کچێکی چکۆلە لەگەڵ خۆیا ئەهێنێ، مووچرکێك دەمگرێ و ئەڵێم کچەکەم گەورە بووە و من هێشتا چاوەڕوانی بەیانیم، مێرووڵەکان شتێکیان لە لەشم نەهێشتووە، ئێسکەکانم ئاوێتەی بنج و کرم و خاك بوون مردووەکانی ئەم گۆڕستانە هەموویان بەڕاستی مردوون. ئەوانە دەنگی چریە و پرخەی هیچ کامیان نابیستم. هەموویان پاش ئەوە بۆ ناشتن بیانهێننە گۆڕستان، مردوون. ئێستا هەر کات دەنگی تێپەڕینی رێبوارێك دەبیسم، ئیتر هاواری لێ ناکەم بمهێنێتە دەرێ.

بەلام بنجەکان هەرچی زوتر تەڕسکن من هەناسە سوارتر دەبم.

دوێنێ بۆ قالاوەکان پەیامم نارد کە بەخودا بڵێن من تاقەتی هیچ شتێکم نەماوە. پێم خۆشە زووتر بمرم، ماوەیەکی زۆرە بە تەمای بەیانی دانیشتووم!

ئێستا فەرخە جار بەجارێك دێت، فەرخە هەر کات دێت، کچێکی دیکە لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ، بەلام دایکم ئیتر نایەت و فەرخە بەدایکم هیچ نالێت، من تەنانەت دەنگی خۆشم نابیسم رەنگە کرمەکان لەگەڵ لەشما کات و ساتیشیان جوێ بێ، رەنگە ئێستا بەیانی بێت.. نازانم..

